# IPAD2 گۆڕانكارییەک لە جیهانی تەكنەلۆژیا




هەرچەندە بەسەر دەرچوونی IPAD1 زۆر تێنەپەڕیوە، كە كۆمپانیای ئەپـــڵ IPAD2ی هێناویەتە بەرهەم. ئایپاد گۆڕانكارییەكی نوێ بوو لە جیهانـــی تەكنەلۆژیادا، چونكە ئامێرێك بوو كـــە بەر لەو نەهاتبوو بەرهـــەم و تەكنەلۆژییەك بوو لەنێوان مۆبایل وكۆمپیوتەردا. ئایپادی 2 زۆر خێراتـــرە لە هی یەكەم. خاوەنی دوو كامێرایە یەك لە پشـــتەوە یەك لە پێشـــەوە. باترییەكەی تاكو 10 كاتژمێر شەحنی دانابەزێت. هەروەها لەبواری دیزاینیشـــەوە بچووك، ســـووكتر و جوانترە لە ڤێرژنی یەكەمی ئایپاد.

هـــەروەك ئاماژەی پێدرا كە خێراییەكەی زۆر چۆتە ســـەر و ئەوەش بۆتە هۆی ئـــەوەی كە زووتر لاپەڕەكانی ئەنتەرنێـــت بكرێنەوە، خێراتر فیلمەكان ســـەیر بكەن. یارییە زۆر قورســـەكانیش لـــە ئایپادی 2دا بە زوویی دەكرێنەوە. هەتا ئێســـتا نزیكەی 65 هەزار پرۆگرام بۆ ئایپادی 2 دروســـتكراون. توانایەكی دیكەی ئەو ئامێرە ئەوەیە كە دەكرێ بەبێ وایەر ئەوەی مەبەستتە بۆ پرینتەری بنێری. هەروەها بەبێ وایەر فیلم و فایلە مۆسیقییەكان لە تەلەڤزیۆندا سەیر بكەی.

# وردبین لە ویندۆز7دا

یەكێك لـــەو تایبەتمەندییانەی كە لـــە ویندۆز7دا هەیە و لە ویندۆزەكانی پێش خۆیـــدا نەبووە، بوونی وردبینە. زۆر لە مۆنیتۆرەكان بەتایبەتی مۆنیتۆری كۆمپیوتەری جۆری نوتی بووك بچوكن و وێنە و دەقەكان بە باشی نابیندرێن، بەتایبەتی بـــۆ ئەوانەی كە چاویـــان كزە. بەهۆی ئامـــرازی وردبینەوە دەتوانی شاشەكە بە ویستی خۆت گەورە بكەی، بە جۆرێك كە وردترین دەق بتوانی بخوێنیەوە. پرۆگرامەكە كەوتۆتە بەشـــی Start » All Programs » Accessories » Ease of Access » Magnifier. یان راستەوخۆ وشەی Magnifier لە مینۆی ستارتدا تایب بكە. كاتێك ئەو پرۆگرامـــە دەكرێتەوە لە دوگمەكانی + و – بۆ نزیك و دووركردن سوود وەربگرە.




# لە كاتژمێرێكدا كاتی 37 وڵاتی جیهان ببینە

كۆمپانیایەك كە مێژووی بەرهەمهێنانی كاتژمێری بۆ 255 ســـاڵ دەگەڕێتەوە، كاتژمێرێكی نایابی دروســـت كردووە كە دەتوانـــێ لە یەك كاتـــدا كاتی 37 وڵاتی جیهان ببینی.



كاتژمێرەكە هەرچەنـــدە كاتژمێرێكی دەســـتییە كە ئۆتۆماتیكـــی قورمیش دەبێـــت، دەتوانێ كاتی وڵاتەكان لەلای یەك نیشـــان بدات. كاتژمێری Pa-rimony Traditonnelle دەستكەوتێكی گرنگی ترە بۆ كۆمپانیای سویسری كە سەدان ســـاڵە دەمژمێر بەرهەم دێنێ. كاتژمێرەكە زیاتـــر وەك كاڵایەكی گرانبا ســـەیر دەكرێت، چونكە خۆی لە زێڕی 18 عەیار دروستكراوە و تا قوڵایی 30 مەتر لە ئاودا ئاوی تێناچێت.





# سپیکەرێک بە شاشەیەکی لەمسییەوە




کۆمپانیـــای گەورەی sony بەرهەمێکــی نوێی دیجیتالی بۆ ئۆگرانی مۆســیقی خســتۆتە بازاڕ، ئەویش ئامێرێکی سپیکەری بچوکە کە لەگەڵ گشــت ئامێرەکانی بڵاوکردنەوەی دەنگ و رەنگ دەگونجێت. ئەو سپیکەرە دەتوانێ کوالیتی دەنگ بەرابەری 50 وات بڵاوبکاتەوە. جگەلەوەش شاشەیەکی لەمسی LCD هەیە کە گشت فەرمانەکانی تایبەت بە فیلم و دەنگ لەوێدا هەن. هەروەها شوێنێکی تایبەتی هەیە بۆ شــەحن کردنەوەی ئامێرەکان، واتە لەگەڵ ئەوەیدا کە گوێ لە مۆسیقا دەگری یــان چاو لە فیلم دەکەی، ئامێرەکەش شــەحن دەکەیەوە. ســپیکەری جۆری CMT-7LD گشــت کارت میمۆرییــەکان دەخوێنێتــەوە و هەروەها شوێنی فلاش میمۆریشی هەیە.

## لە کۆمپیوتەرەوە کۆنترۆڵی مۆبایلەکەت بکە




مۆبایل ئێستاکە بەهێزترین ئامرازی پەیوەندی گرتن و ئاسانترین شێوازە پەیوەندییە کە هیچ سنوورێکی جوگرافی ناناسێ. گەر حەز دەکەی کۆنترۆڵی گشت پەیوەندییەکانی ســەر مۆبایلەکەت بکەی پرۆگرامی modem spy باشترین پرۆگرامە، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی گشت پەیوەندییە هاتوو رۆیشتووەکانی خۆت و کەسانی دیکە بخەیە چاوەدێرییەوە.

بە پرۆگرامی ناوبراو دەتوانی پەیوەندییەکان بەشێوەی فایلی دەنگ خەزن بکەی. بە سوود ورگرتن لەو پرۆگرامەوە لە بەشی caller ID دەتوانی ئەو ژمارانە ببینی کە کە بۆت هاتوون. یەکێک لە توانا باشەکانی ئەو پرۆگرامە ئەوەیە کە دەتوانی لە تۆڕێکدا ســوودی لێوەربگری. بەو جۆرێك هەرکە مۆبایل جەرەســی لێبدا، لەســەر گشت ئەو کۆمپیوتەرانەی لە تۆڕەکەدان، پەنجەرەیەك بکرێتەوە و ژمارەی پەیوەندیکەرەکە ببینرێ. هەروەهــا بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانــی دەفتەرێکی تەلەفۆنت هەبێ و زانیاری و ژمارەی هاوڕێیانت تێدا خەزن بکەی. یەکێکی دیکە لە تواناکانی پرۆگرامەکە ئەوەیە کە دەتوانی فایلی دەنگی تۆمارکراو بۆ ئیمێڵە دیاریکراوەکان بنێری.

## ئەزموونێکی نوێ لە یاری Letters from Nowhere 2دا




یــاری فکری ئەلکترۆنی بۆ هەموو تەمەنێك دەگونجێن، یەکێك لەو یارییە هزریانــە یــاری Hidden Object واتە دۆزینەوەی شــتە ون بووەکانە. لە یارییەکانی لەم شــێوەیەدا، گەمەکەر ســەرەڕای ئەوەی کە دەبێ هۆش و هــزری ئامادەیی هەبێت بۆ دۆزینەوەی شــتە ون بــووەکان، دەبێ تا رادەیەك زمانی ئینگلیزیش بزانێ، چونکە ناوی شــتە بزربــووەکان بە ئینگلیزییە. لە یاری Letters from Nowhere 2 دا دەبێ ئەو شــتانە بدۆزیەوە کە زۆر زانایانە لە دیمەنەکاندا شــاردویانەتەوە. لەو یارییانەدا مۆسیقیەکی خۆش و گرافیکێکی ســەرنج راکێش ســەرنجی یاریکەرانی بۆ لای خۆی راکێشاوە. دەبێ لەو یارییەدا زیاتر لە 2000 شــتی ون بــوو بدۆزیەوە. یارییەکە 11 قۆناغە، جگە لەو قۆناغانــەی یارییەکە چوار خەڵاتیش دەدرێت بەوانەی کە خێرا یارییەکە دەکەن.



# کیبۆردێکی جام و دژە ئاو

کیبۆرد واتە تەختەی دوگمەکان، گرنگترین ئامرازی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و کۆمپیوتەرە، شێواز و دیزاین و کارکردی کۆمپیوتەرەکان لە زۆر بواردا وێك ناچن. بۆ نموونە ئەو کیبۆردەی کە دەبینن کە کیبۆردێکی شوشەیە و ئاوی تێناچێت. لەو کیبۆردە هیچ دوگمەیەك بوونی نییە، تەنیا وێنەی دوگمەکان لەسەر شووشەکە دەبیندرێن. لەو کیبۆردەدا کە بەهۆی سیستەمێکی هۆشمەندەوە پشتیوانی لێدەکرێ، کامێرایەکی پێشکەوتوو جوڵەی بەکارهێنەرەکە بۆ کۆمپیوتەر دەگوازێتەوە، واتە کاتێك پەنجە لەسەر یەکێك لە دوگمەکان دادەنێی، کامێراکە جوڵەکە دەناسێت و بۆ کۆمپیوتەری دەگوازێتەوە. لەو کیبۆردەدا بۆ شوێنە تاریکەکان چەند گڵۆپێك دانراوە بۆ رووناکی خستنە سەر کیبۆردەکە.

# چاتکرد ڤیدیۆیی لە فەیسبووکدا




ئێستاکە فەیسبووك، لە ریزی یەکەمی سایتە کۆمەڵایەتییەکاندایە، کەم کەس هەیە رۆڵی سایتی فەیسبووك لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ دەرنەکەوتبێ. لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا فەیسبووك چەندین گۆڕانکاری لە سیستەمی خزمەتگوزاریدا پێکهێناوە، وەك چاتکردن بە دەنگ و بەرێکردنی کورتە پەیام و لەم دوایانەشدا چاتکردنی ڤیدیۆیی. خزمەتگوزارییەکی نوێی فەیسبووك کە بە socialEyes ناسراوە، ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەر دەڕەخسێنێ کە چاتی ڤیدیۆیی بکات، چ بە شێوەی تاك و چ بە شێوەی گروپ. دەتوانی ڤێرژنی تێستی ئەم خزمەتگوزارییە لەسەر سایتی Socia-eyes.com وەربگری. بەکارهێنەر دەتوانی لە ئەکاتنی فەیسبوکی خۆیدا لەو خزمەتگوزارییە سوود وەربگرێ. یەکێك لە تواناکانی ئەو خزمەتگوزارییە ئەوەیە کە ئەگەر کەسەکە لەسەر هێڵیش نەبوو، دەتوانرێ پەیامی ڤیدیۆیی بۆ بەرێ بکات.

# Corel videostudio پرۆگرامێک بۆ ئەرشیف کردنی فیلمەکانتان





ئەوانەی کە فیلمێکی زۆریان هەیە و نیازانە فیلمەکانیان لە ئەرشیفێکدا هەڵگرن، پەنا بۆ زۆر پرۆگرام دەبەن کە بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هاتوون. لە ریزی یەکەمی ئەو پرۆگرامانەدا دەکرێ ئاماژە بە پرۆگرامی Corel videostudio بکەین. بەکارهێنانی پرۆگرامەکە زۆر ئاسانە بەکارهێنەر دەتوانی لە ماوەیەکی کەمدا بە گشت فەرمانەکانی پرۆگرامەکە ئاشنا بێت. پرۆگرامی Corel videostudio پێشتر، بەناوی -ul ad videostudio دەناسرا، بەڵام لەم دواییانەدا کۆمپانیای ulead بوو بەشێك لە کۆمپانیای corel. پرۆگرامی ناوبراو دەکرێ بڵێین باشترین پرۆگرامی دستکاری کردنی فیلم و کوالیتی بەخشین بە فیلمە. لەو پرۆگرامەدا دەیان ئیفێکتی جۆراوجۆر هەیە کە بۆ جوانکردنی فیلمەکان سوودی لێوەردەگیرێ. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە بە ئاسانی دەکرێت فیلمی DVD دروست بکەی و هەروەها دەتوانرێ فیلمی سێ رەهەندیشی پێ دروست بکرێت.

# لاپتۆپێک ٣٢ کاتژمێر شەحنی باترییەکەی دانابەزێت




بۆ بەکارهێنەری کۆمپیوتەری لاپتۆپ، گرنگترین پارچەی کۆمپیوتەر باترییەکەیەتی، بەتایبەتی کە لە وڵاتێکدا بژین کارەبا وەك پێویست نەبێت، زۆرجار لەکاتی ئەنجامدانی کارێکی گرنگی بەلاپتۆپ باترییەکەی دادەبەزێت و ئیدی ناچاری هەتا هاتنەوەی کارەبا خۆرابگری و کاتێکی زۆر لەو ناوەدا بە فیڕۆ دەڕوات. بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەم گرفتە کۆمپانیای HP نوێترین لاپتۆپی خستە بازاڕ کە دەتوانێ تا 32 کاتژمێر باتری لەخۆیدا رابگرێت، لاپتۆپی جۆری ئیلیت بووك P8460 خاوەنی دوو یەکەی ناوەندییە. لە پۆرتی USB.3 سوود وەردەگرێ.

## چەند فایلێکی ئۆفیس لە یەک ریزدا بکەوە




پرۆگرامی office tab ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەر دەڕەخسێنێ کە بتوانێ لە یەك کاتدا چەندین فایل لەیەك ریزدا لە پرۆگرامەکانی word، Excel، PowerPoint بکەیەوە. زۆر بە سانایی فایلەکان پێکەوە رێك بخەی.

ئەوانەی کە بەهۆی گوگل کرۆمەوە سایتەکان دەکەنەوە، دەزانن کە جیاوازییەك کە ئەو پرۆگرامە لەگەڵ پرۆگرامەکانی هاوشێوەی خۆیدا هەیەتی، ئەوەیە کە tab زۆری هەیە. Tabەکان ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەر دەستەبەر دەکەن کە بتوانێ چەندین لاپەڕە لەیەك ریزدا بکەنەوە. پرۆگرامی Office tabیش وەك پرۆگرامێکی هاوپێچ لەگەڵ کۆمەڵە پرۆگرامەکانی ئۆفیس دادەنرێت. بۆ نموونە ئەگەر تۆ لە wordدا پێنج فایل پێکەوە بکەیەوە، تۆ پێنج فایل نابینی، بگرە لە فایلێکدا هەر پێنج فایلەکە دەبینی.

## وەرزش بکە و ئیمێل بخوێنەوە



پسپۆرانی بواری تەندروستی هەموو لەسەر ئەوەکۆکن، کە تەکنەلۆژیای نوێ راستە لە بواری فیکر و هزرەوە یارمەتی مرۆڤایەتی داوە، بەڵام بەراست لە بواری جەستەیی و تەندروستی زیانی بە مرۆڤ گەیاندووە، یەکێك لەو ئامێرانەش کۆمپیوتەر و هەروەها خزمەتگوزاری تۆڕی جیهانی ئەنتەرنێتە. زۆربەمان لانی کەم دوو کاتژمێر لەسەر هێڵی ئەنتەرنێتین، لەو دوو کاتژمێرەدا جەستە هیچ جموجۆڵێکی ئەوتۆی نییە، بۆیە کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بۆ ئەوەی کە بتوانن لەکاتی سوود وەرگرتن لە کۆمپیوتەریشدا جەستە جوڵەی هەبێ، تەکنەلۆژیای sete-Mail داهێناوە، ئەو تەکنەلۆژییەوە هەر لەوێنەکەدا دەیبینن رایەخێکی بچوکە، کە لەسەر زەوی رادەخرێ و بۆ سوود وەرگرتن کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت لە قاچ سوود وەردەگیرێ. بەڵام فەرمانەکان تەنیا چەند دوگمەیەکن.. لە بری شاشەی کۆمپیوتەریش لە سکرینی سەر دیوار سوود وەردەگیرێ، پسپۆران پێیان وایە بەهۆی ئەو سیستەمەوە دەکرێ زۆربەی نەخۆشیەکانی دەمارگیران چارەسەر ببن.